# خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، ڕابەرانی کۆمۆنیست لە ئامێز ئەگرنو پەیامی ڕووخاندنی ڕژێم دووپات ئەکەنەوە

**ئامادەکردنی**
**جمال محسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

کۆمیتەی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی–حکمتیست، ڕۆژی شەممە 10 ی سێپتێمبەری 2005 لە شاری ئۆسلۆ کۆڕێکی گفتو گۆی بۆ عبداللە دارابیو خالد علی پناه سازکرد سەبارەت بە ئامادەیی ڕابەرانی کۆمۆنیست لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێرانو بە پارێزگاری هێزەکانی "گاردی ئازادی".

سەرەتا عبداللە دارابی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی حکمتیست، باسی لە گرنگیو ڕۆڵی سیاسی ئەو گەشتەو داکۆکی گەورەو فراوانو بێدرێغی لاوانو خەڵکی شۆڕشگێڕی مەریوانو دێکانی دەورو بەری کرد. ئەو لە قسەکانیدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە خەڵکی نارازیو قین لەدڵ لە حوکمی ئیسلامو جمهوری ئیسلامی زۆر بە شۆڕو شەوقەوە پێشوازییان لێ ئەکردنو ژمارەیەکی زۆر لە لاوانو خەڵك ئامادەیی خۆیان بۆ پەیوەست بوون بە هێزەکانی "گاردی ئازادی"و کارکردن بۆیو بۆ حزبی حکمتیست دەربڕی. ئەوەی جێی گرنگی پێدانە ئەوەیە کە خەڵك لە دابینکردنی ئەمنیەتیو تەداروکاتو خۆراكو پێداویستییەکانی ئەو گەشتە سیاسییەدا ڕۆڵێکی زۆر بەچاویان بووەو گەر ئەو تواناییە نەبوایە، نەئەتوانرا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. ڕابەرانی کۆمۆنیست بەمجۆرەو بە پارێزگاری هێزەکانی گاردی ئازادیو خەڵك توانیویانە چەندین دیدارو کۆبوونەوەو میتینگ بە خەڵك ساز بکەن کە تیایدا باسی بەرنامەو کاری حزبی حکمتیست بۆ ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامیو دەستبەرکردنی ئازادیو یەکسانی لە دوای شۆڕشی ئێراندا کراون. بەیانی "مەنشوری سەرنگونی جمهوری ئیسلامی"و پەیامی عبداللەی دارابیو مجید حسینی بە شێوەیەکی زۆر فراوان بلاوکراوەتەوەو خەڵك خۆی لە شارەکانی ترەوە بۆی هاتوونو دەستاو دەستیان پێ کردوون.

عبداللەی دارابی باسی لەوە کرد لە کاتێکدا کە خەڵكو ڕابەرانی کۆمۆنیست خۆیان بۆ مانگرتنی گەورەی شارەکانی کوردستان بۆ ڕۆژی 07.08.2005 ئامادە ئەکردو نەخشەیان بۆ دائەنا، جمهوری ئیسلامیو دەستو پێوەندەکانیانو حزبی دیموکراتو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان خەڵکیان سارد ئەکردەوەو داوایان لێ ئەکردن کە مان نەگرن!

دواتریش خالد علی پەنا کە فەرماندەی گروپی پارێزگاری گەشتەکە بووە باسێکی لەسەر ئەم گروپەو گاردی ئازادیو ئامانجەکانی کرد کە بریتییە لە ڕێکخستنی چەکدارانەی خەڵكو ئامادەکردنیان بۆ ڕووبەڕووبوونەی جمهوری ئیسلامی. ئەو ووتی کە ئەم گاردە وەك تەقلیدی پێشمەرگە نییە لە شاخەکان بێتو لە دێهاتەکانەوە بچێتە ناو شارەکانەوە بگرە ئەمانە لە ناو شارەکان لە شوێنی ژیانی خەڵكو لە شوێنی کاریان خۆیان ڕێك ئەخەن. بەشێکن لە خەباتی ڕۆژانەی خەڵك بۆ خواستە ڕۆژانەییەکانیانو لە خەباتی ڕۆژانەی خەڵکدا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمدا هەن. وە ووتی کە گروپی پارێزگاری ڕابەرانی کۆمۆنیست خۆی بەشێکە لە گاردی ئازادیو بە پشتیوانیو کاری یەکەکانی گاردەکە وە بە هۆی زانیاریو ڕێنوێنی گاردەکە لە ناوەوەو لە شارەکان دا توانیویانە جموجوڵەکانیان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بکەنو کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن. هەروەها باسی لەوە کرد کە لە ناوچەیەك تەنها 500 مەتر لە چەکدارەکانی جمهوری ئیسلامییەوە دوور بوون وە زانیوشیانە کە ئەمان لەوێن بەڵام ئەوان ووتوویانە کە گەر ئەمان کاریان نەبێت بەسەریانەوە ئەوان هیچ ناکەن. وە ووتی ئامانجی ئێمەش ئامانجێکی سیاسی بووە، بۆ بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی حزبو کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵك وە هاوکات بردنە سەری وورەی شۆڕشگێڕانەی خەڵك دژ بە جمهوری ئیسلامی.

هاوکات هەردووکیان باسیان لە پێشوازی گەرمی خەڵکی مەریوانو دەوروبەری کرد بۆ حزبی حکمتیستو سیاسەتەکانیو ڕابەرەکانی. وە توانیویانە، بێجگە لەوەی کە تەواوی کارەکانیان بە کۆمەکی خەڵك چۆتە پێشەوە، کۆمەکێکی مالی باش بۆ حزبیش کۆبکەنەوە.

ئەمەو کۆڕەکەی ئۆسلۆ لە نێو چەپڵەڕێزانو شۆڕوشەوقی ئامادەبووانو کۆکردنەوەی کۆمەك لە لایەن عبداللە دارابییەوە کۆتایی هات.